www.kurdistannet.org
27-2-2006 10:49بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## یاسای دژە گەندەڵی ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

گەندەڵی وێدەچێت لە ووشەی (بۆگەن) ەوە هەڵێنجرابێت کە قێزەونە، ئەوە چونکە گەندەڵی لە دزی فراوانترە بۆیە گەرەکیەتی یاسایەکی دژی بۆ دابرێژدرێت.
هەروەك چۆن پەرلەمانتارانی کوردستان خۆیان پرۆژەیاسای (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) یان خستە گەڕو کاریان لەسەر کرد و پێشبینی دەکرێت لە داهاتوویەکی زۆر نزیك بچێتە خانەی پەسەندکردن و جی بەجی کردن کە ئەوسا تاقمەکەی شێخ زانای پی مەحکوم بکرێت بەپێی برگەو ماددەکانی ئاواش پێشبینی ناکرێت کە حکومەتی کوردستان بەهەردوو ئیدارەکەیەوە پرۆژەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بخەنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، ئاخر چۆن چاوەڕی دەکرێت دز بەرنامە دابنێت بۆ بەندکردنی خۆی.
هەمیشە دەبی یاسا و سزاو حوکم وەڵام بێت بۆ پەیرەوکارانی تاوان و پێشێلکاران، دەنا ئەو کاریکاتێرانەی ڕێکخراوی (ICSP) دژ بەگەندەڵی، خۆی لە خۆیدا گەندەڵییە و قەت ناکارن بەربەست درووست بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.
لە کوردستان کۆمەڵێك داب و نەریت کەخەڵك بی ئاگا ئەنجامی دەدات گەندەڵییە، بۆنموونە لە هەولێر زۆربەی شوفێرەکان بۆ هەر جارێك (30) لیتر بەنزین ( (کە شوکر بۆ خوا ئێستا براوە) ) پێنج هەزار دینار دەدەن کرێکاری ترومپا، کە نرخی ڕاستەقینەی دەکاتە (4590) ، ئەگەر ئەوە بۆ کرێکارەکە بەرتیل بێت ئەوا بی قەیدو شەرت بۆ کۆمەڵگا گەندەڵییە، گەر بڵێن ئەوە پارەیەکی کەمە، دەڵێم بۆ فەرهەنگی بڵابونەوەی گەندەڵی زۆرە.
قایمقامی هەولێر لەسەروبەندی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و دەستەوەستانی بۆ دانانی سنوورێکی یاسایی بۆی دەبێژێت ( (دانانی نرخ لە بازاڕی ئازادا بوونی نییە) ) بەدەر لە ناهووشیاری بازرگانان و فرۆشیارانمان بۆ تیۆری بازاڕی ئازاد، دەکرێت قسەی قایمقام بخرێتە خانەی گەندەڵ تێگەیشتنەوە.
گەندەڵی کە پەتایەکی کوشندەیە جەستەی هەرێمی کوردستانی برینداری گرتووە، تەنها بە داڕشتنی یاساو پراکتیزەکردنی سارێژ دەکرێت، کۆنفراس و کاریکاتێر و ووتار و کۆبوونەوە و سیمینار تەنها بۆ حاڵی بوونی هاوڵاتیانی سادەیە لێی دەنا قەت دەرمانی ڕاستەقینە نین.
لەلای هەندێك گرووپ و ڕێکخراو وەکو ئەوەی گەندەڵی تەنها بۆ درووشم و کێش کردنی دەنگی هاوڵاتیان بەکاربێت، دەنا خۆ ئێستا گەندەڵی هەروەکو خۆیەتی، لەو ڕووەوە گلەییەکی برایانە لە یەکگرتووی ئیسلامی دەکەم کە درووشمی ( (دژە گەندەڵیان) ) بەرز کردبۆوەو ئەمێستا ئەوەندە بەتەنگ وەدەستهێنانی وەزیرێکی زیاترن لە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، ئەوەندە بەتەنگ دەرکردنی یاسایەکی دژبە گەندەڵی نین کە ئەمەشیان لە ڕووی یاساییەوە بۆ لەبارە چونکە لەپەرلەمانی کوردستان هەر (10) ئەندام پەرلەمان دەتوانن پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکەن (کە ئەوانیش هەشت ئەندامیان هەیە زۆر بەئاسانی دەتوانن دوو ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی یان شیوعی بۆ ئەم پرۆژەیە بۆخۆیان سۆز بکەن) لە بیرم چوو بڵێم دەرکردنی فتواش بۆ کوشتنی نووسەرێك بەبی گەڕانەوە بۆ بڕیاری دادگاو دادپەروەریی یاسا گەندەڵییە.